ماکرۆن خۆشحاڵی نیشاندا سەبارەت بەهەنگاوی ئەمریکادا بۆ هەرشی مووشەکی بۆ خاکی ووسیا



سەرۆک کۆماری فەڕەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن خۆشحاڵی خۆی نیشاندا سەبارەت بۆو هەنگاوی ئەمریکا کە ڕۆژگا بۆ ئۆکرایینا دەدات بۆ ئاراستەکردنی مووشەکی دوور مەودا بۆ قەڵایی خاکی ووسیا و ڕایگەیاند: "ئەو هەنگاوە بەتواوی دروستە".

ئیمانوێل ماکرۆن لە میانەی بەشداریکردنی لە لووتکەی سەرکردەکانی G20دا کە لە بەڵازیل بەڕێوەدەچێت لە لەدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ئاماژەی بۆ گۆڕانکاری مەترسیدار لە جەنگی ووسیا ئۆکراینا کرد، بەتایبەتیش کە هێزەکانی کەریای باکوور وەک پاڵپشتیکردنی لە هێزەکانی ووسیا بەشداری لە شەڕەکەدا دەکەن.

باسی لەوەشکرد، ووسیا گرژییەکان زیاتر دەکات و گوتی: "وەک زانراوە کەریای باکوور کە هێزێکی شەڕانگێز و بەرنامەی ئەتۆمی جەبەجێ دەکات، لەلایەن ووسیاوە پاڵپشتی ناو شەڕەکە کراوە".

سەرۆک کۆماری فەڕەنسا ڕاشیگەیاند، خۆشحاڵن سەبارەت بەو هەنگاوەی ئەمریکا کە ڕۆژگا بۆ ئۆکراینا دەدات بۆ ئاراستەکردنی مووشەکی دوور مەودا، قەڵایی خاکی ووسیا بکاتە ئامانج و گوتی: "ئەو هەنگاوە بەتواوی دروستە".

ئەوەش لەکاتێکدایە تا ئێستا وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا، ئەو دەنگەیانەی پشتڕاست نەکردووەتەوە کە

باس لەو دەکەن ئەمریکا ڕێگای بە ئۆکراینا داوە، لەوەی مووشەکی دوور مەودا "ATACMC" بە هەڕشکردنە سەر ڕووسیا بەکاربهێنێت.